سەرنجێکی کورت:

ئەم بابەتە ئەمڕۆ لە گۆڤاری دێر شپیگلی ئەڵامانیدا بڵاوکراوەتەوە. بەگرنگم زانی پوختەکەی پێشکەش بە خوێنەری کورد بکەم، تاوەکو سەرنجێک لەو گۆڕانە بنجی و خێرا و ڕادیکالەی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و بازاڕی کارکردن و داخوازییەکانی خوێندن و فێربوون و سیستەمی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم ڕەوتە ،دیاری بکرێت.
ڕەنگە جارێ وڵاتی ئێمە بەدوور بێت لەم شۆڕشە گەورە، کە ساڵانێکە مشتومڕێکی گەورەی لەسەر دەکرێت. ئایا ئەم گەشە و پەرەسەندنە بە چاکە یاخود خراپەی مرۆڤ دەشکێتەوە. لەڕاستیدا وەک هەر دیاردەیەک ئەم گۆڕانەش دوو ڕووی هەیە. بە باوەڕی بەشێکی زۆری چاوردێر و ڕەخنەگرانی ئەم کایەیە، گرنگ ئەوەیە پەرەسەندنەکە لە ڕووی تەندروستییەوە زیانی بۆ مرۆڤ نەبێت،یاخود کەم بێت. دەنا مرۆڤایەتی بەناچارییش بێت،کەوتۆتە سەر سکەی ئەم هەڵمەت و شاڵاوەی بازە گەورەکانییەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیادا و تازە مەحاڵە خۆ لێ لادان و پاشەکشەکردن لێی.

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠١٧/٩/١٧
************************
The Future of Job

**دواڕۆژی کار**



ڕاپۆرتی کۆتایی « فۆرمی ئابووریی جیهانی» WEF، کە ئەمڕۆ١٧,٩,٢٠١٨ ، بڵاو بکرایەوە باس لەوە دەکات، تاساڵی ٢٠٢٥، واتە ٧ ساڵی تر، جیهانی کارکردنمان گۆڕانی گەورە و ڕادیکالی بەسەردا دێت، لەڕێگای خستنەکاری زیاتری ڕۆبۆتەوە، و مرۆڤی زۆر بێ کار دەبن. لەم ڕێگایەوە ملیۆنەها کار/Job، نامێنێ. بەواتایەکی تر ئەمە هەنگاوێکە بۆ لەکارخستنی مرۆڤ و ڕۆڵی لە بواری کارکردن دا، کە تائێستا هەڵسوڕێنەر و بزوێنەری دەورانی کارکردن و ئابوورییە.
لەئێستادا ٪٧١ کارکردن لە ڕێگای مرۆڤەوە بەڕێوەدەچێت. بەم شێوازە بڕوات تا ٢٠٢٥ ڕێژەکە دادەبەزێ بۆ ٪٤٨ . ئەو ٪٥٢ تری لە لایەن ڕۆبۆتەوە ڕادەپەڕێندرێت. بەم پێیە بێت تا ساڵی ٧٥،٢٠٢٥ ملیۆن شوێنی کارکردن نامێنێ بۆ مرۆڤ و ئامێری زیرەک جێگای دەگرێتەوە.
هەمان توێژینەوە باس لەوە دەکات، لە ٥ ساڵی داهاتوودا ١٣٣ ملیۆن شوێنی کاری نوێ ساز دەدرێ کە خەڵکی ڕاهێندراوی تایبەت و پسۆڕی گەرەکە بۆ بوارەکانی شیکاری داتاکان، زانستکاران، گەشەپێدەرانی بەرنامە نەرمەکان / سۆفتوێر، شارەزا و پسپۆڕانی بواری سۆسیال میدیاو بازرگانی ئەلەکترۆنی.
بە پێچەوانەشەوە لە بوارەکانی هاتووچۆ و بەڕێوەبردنی مارکتینگدا بەرەوپێشبەری هەڵسوڕێنەر و ئامۆژگاریکەری مشتەریی زیاد دەکات. لە بەرامبەردا نووسینگەی کارکردن و هەژمارکردنی کار نامێنێ.
بۆ ئەم توێژینەوەیە پرسیار لە ٣٠٠ Menager/ بەڕێوەبەری کار و بەرپرس و خاوەن کارخانە کراوە کە نوێنەرایەتی ١٥ ملیۆن کارمەند و کرێکار دەکەن لە ٢٠ وڵاتی پیشەسازیی و تازەپێشکەوتوودا .

لەتەک شرۆڤەی تەواوی کارەکەدا ١٢ پرۆفیلی بەشی تایبەتی و ٢٩ پرۆفیلی وڵات و ناوچەشی لە خۆ گرتووە.
پرسیار ئەوەیە دیگتالیزەکردن و ئۆتۆماتیکردنی شوێنی کارکردن چەند زیانی هەیە؟ ئەمەش ساڵانێکە مشتومڕی لەسەر هەیە. چەند گۆڕانکاری بەهێز و ڕادیکاڵ لە کۆمەڵگا و کارکردن دا دەکات.
٪ ٥٠ خاوەن کارخانەکان باوەڕیان وایە تا ساڵی ٢٠٢٢ ژمارەی کرێکاریان کەمدەکاتەوە. ٪٣٨ بە پێچەوانەوە ژمارەی خستنەکاری مرۆڤ زیاد بکەن و ٪٢٨ هەردووکیان ئۆتۆماتیکردن و کارمەند زیاد بکەن
بەمەدا دەردەکەوێ کە داخوازی لەسەر تەکنەلۆژیا تا بێت زیاتر دەبێت لەو ڕاپرسییەی ساڵی ٢٠١٦ ئەنجام دراوە. ٪٨٥ کارخانەکانی ئەڵمانی هەتا ٥ ساڵی داهاتوو ئۆتۆماتیکردنیان دەوێ٪٨٣ کەسی شارەزا و ڕاهێنراویان دەوێت. خاوەن کارخانە و بەڵێندەرەکانی ئەڵمانیا پلانیان داناوە و دەیانەوێ تەکنەلۆژیای زیاتر بخرێتە کارەوە. ٩١% دەیانەوێ تا ٢٠٢٢ سیستەمی گەورەی شیرۆڤەی داتا بەکاربهێنێ و بێتە پێشەنگی وڵاتانی جیهان و پێش چین، یابان، ئەمەریکا و هیندستان بکەوێتەوە. بەکارهێنانی زۆری تەکنەلۆژی لە ئەڵمانیا%٨٤ دەیانەوێ بە App Markt و % ٧٩، گەشەپێدانی مەکینەی/ ئامێری ئینتەلەگێنز / زیرەکەوە بێت. لەم بوارەدا فیلیپین و سەنگاپوور و رووسیا لە پێشەوەن.بەڵێندەرە ئەڵمانەکام کەمتر پلانیان بۆ تەکنەلۆژی زیندوەریی ٣٠% و رۆبۆتی شێوە مرۆڤ ٢٨% و ڕۆبۆتی ژێر ئاو٢٢%.
بەم شێویە ئەڵمانیا دیگیتالیزە دەبێت:



:

بێگومان پەرەسەندی خێرای تەکنەلۆژی هەروەها پێویستی بە مرۆڤ کە مەکینەکان کار پێ بکات و گەشەیان پێ بدات.
توێژینەوەکە لەسەر ئاستی جیهان دەڵێ لە ٥ ساڵی داهاتوودا ٤٢%، داواکاریی کاردکردن گۆڕانی بەسەردا دێت.لەتەک مەرجە ڕۆتینییەکانی کارکردنەوە، دەبێت کارمەند و کرێکارێک لە ئایندەدا، بەرنامە پرۆگرامکردن و کارپێکردنی رۆبۆتیش بزانێ و سەری لێ دەرکات. لە هەندێ کایەدا گۆڕانەکە گەورە و لە هەندێکی تردا بچووک دەبێت. بۆئەوەی بەڵێندەر و خاوەن کارخانەکان، لەسەردەمی هاوچەرخی دینامیکی مەکینە و ئامرازەکان دا، جیاواز و توانای کێبەرکێیان بمێنێ، دەبێت لە سامانی مرۆییان

وەبەرهەمهێنان بکەن. دەنا هێز و توانای شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی لەدەست دەدەن. ئەمە قسەی سەعدییە زاهیدیە، بەڕێوەبەری ناوەندی ئابووری نوێ و کۆمەڵگای فۆڕمی ئابووریی جیهانییە.
بۆ ئەمەش ٣ ستراتیژی ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕن:
- دامەزراندنی کارمەندی نوێ بە توانا و لێزانی لە تەکنیکی دا.
- سەرلەبەر ئۆتۆماتیکردنی ڕەوتی کارکردن و پەرەپێدانی
- کرێکار و کارمەندە کۆنەکان ڕاهێنانی نوێیان پێ بکرێت.











سەرچاوە:

http:/./www.spiegel.de/wirtschaft/soziales/studie-weltwirtschaftsforum-maschinen-verrichten-bald-mehr-arbeit-als-menschen-a-١٢٢٨١٠٨.html